# داوای لێبووردنی گشتی

ئیبراهیم مەلازادە

وا باوە کە لێبووردن هەمیشە بۆ گوناهبارانە. تەنها گوناهبارانن لێبووردنیان پێ ڕەوا دەبینرێ. ئەو کەسانەی گوناهبارن، دەشزانن کە گوناهبارن، بەڵام توانیویانە لە دەستی دادوەری ڕزگاریان ببێ، هەمیشە لە دڵەڕاوکێدا دەژینو هەست بە نائارامی دەکەن، لە ساتو کاتێکی تەمەنیاندا لەوانەیە ڕوو لە مزگەوت دەکەنو تا کۆتایی ژیانیان دەیانەوێ بە دینداری سەر بنێنەوە، بەڵکو لە بەرامبەر گوناهەکانیدا لێبووردن بە دەست بێنێ. هەموشمان دەزانین زۆرێک لە تاوانباران لە یەکێک لە قۆناغەکانی دادوەریدا داوای لێخۆش بوون لە سەرۆکی دەوڵەت دەکات، بەڵێن دەدات کە جارێکی تر نەچێتەوە سەر تاوانەکانی. هەست کردن بە تاوان واتە هەمیشە نائارامی، هەمیشە ڕووبەڕووبوونەوەی دادگا، هەمیشە گەڕانەوە پێش خاڵی گوناه یا تاوان!

ئەوەی لەم ڕۆژانەدا بەرگوێمان دەکەوێ، سەبارەت بەلێبووردنی گشتی گەریللاو ئاوارەکانی کورد لە باکووری کوردستان، بازنەیەکە لەو بازنە نەپچڕاوانەی مێژووی دوورو نزیکی گەلی کورد لە چیرۆکی شوومو نەپچڕاوی داوای لێبووردن.

هەموومان لێبووردنە یەک لە دوا یەکەکانی سەددامان لەبەر چاون، کە گەلی کورد بەتایبەتیش کەسو کاری دیلو شوێن بزربووەکان هەمیشە چاوەڕوانی ئەو ساتو کاتە بوون کە گیراوەکانیان لێبووردنی گشتییان بۆ دەربچێو بگەڕێنەوە ناو کەسو کاروماڵو منداڵی خۆیان. بەتایبەتیش ئەو بۆنانەی کە تایبەت بوون بە ڕژێم، وەکو ڕۆژی لە دایک بوونی دیکتاتۆرو، ڕۆژی سەرکەوتنیانو هتد.

ئەمڕۆش هەمان چیرۆک لە باکووری کوردستان بە ڕێوەیە. لەم ڕۆژانەدا چەند ڕێپێوانێک ئەنجام دران بۆ داواکردنی لێبووردنێکی فراوان تر، تا فەزڵو کەرەمی داگیرکەر هەمو کونو کەلەبەری وڵاتەکەمان بگرێتەوە. گەورەو بچووک وەبەر لێشاوی ئەو مەرحەمەتە بکەون، بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە زێدو هەواری بابو باپیرانیان، یا لە زیندانەکان ڕزگار بکرێنو بەئازادی شاد ببنەوە. هەڵبەت ئەو حاڵەتە مەبەستم حاڵەتی ڕزگاریو گەڕانەوە زێدی بابو باپیران ئومێدو هیوای هەموو خاوەن کێشەو گیراوو دەربەدەرەکانە. بەڵام پرسیاری گرنگ ئەوەیە ئایا هەموو گیراوێک تاوانبارە؟ هەموو هەڵاتوێک گوناهبارە؟ کێ دەبێ لە کێ ببوورێ؟ یا باشتر بڵێم کێ تاوانکارە؟

ئەو کوردەی کە لە پێناو داوا ڕەواکانی خۆی شەڕی کردووەو ڕووبەڕووی کردەوە شۆفێنیو تێکدەرەکانی داگیرکەر بۆتەوە، تاوانبارە؟ یا ئەو داگیرکەرەی کە گڵاوترین سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزی بەڕێوە بردووەو دەبات؟ پێشگرتن لە پێشکەوتنو ئازادی کوردوستانیەکان، بردنو تاڵان کردنی هەموو خێروبێرەکانی کوردوستان، تێکدانو وێران کردنی هەموو شتێکی جوانی ئەم وڵاتە، بڵاوکردنەوەی ترسو تۆقاندن بەشێوەیەکی بەربڵاو، قەدەغەکردنی زمانو کولتووری گەل، کە گەیشتۆتە ئاستێک زمانی بێگانە بۆ زمانی یەکەم لە باکوورو زۆریشیان زمانی دایکی خۆیان هەر لە دەست داوە، نەک هەر لە ناو وڵات، بەڵکو زۆرێک لەو هاوڵاتیە کوردانەی کە خۆیان بە جەرگ سۆز دەزانن بۆ وڵاتو ئەو مەزڵومیەتەی کە لێیان کراوە، بەڵام داخەکەم ئامادە نیە دژایەتی زمانی بێگانە بکات لە ناو ماڵی خۆیدا، بە زمانی دایک بدوێن، نەخشە یا ئاڵای کوردستانیان لە سەر دیوار هەڵواسیوە، بەڵام بەبەردەوامی کەناڵو مەدیاکانی پان تورکیزم لەسەر تەلەفیزیۆنەو ژەهرو نەفەسی گڵاویان دەپڕژێتە ناو هەستوزیهنی منداڵەکانیانو بە زمانی تورکیش دەئاخڤن. ئەو دوژمنەی کە لە دەرەوەی سنوورەکانی کوردوستانو وڵاتی خۆشیان ڕاوەدوومان دەنێنو ئێمەش دەستەمۆو دەستەوسانین لەبەرامبەر سیاسەتە گڵاوەکانیان. کە زانیم کوردی باکوور لە دەرەوەی وڵات

ناتوانن ناوی کوردی له مناڵه‌کانیان بنێن له‌ترسی کۆمه‌ڵێک ترس‌دا، گه‌وره‌یی کاره‌ساته‌که‌م زانی، ئه‌وجار زانیم که کاره‌ساته‌که زۆر له‌وه گه‌وره‌تره که ئێمه بیری لێ ده‌که‌ینه‌وه.

ئه‌وان چۆن بتوانن وا ده‌که‌ن، قه‌لاچۆمان ده‌که‌ن، هه‌وڵی ره‌شکردنه‌وه‌مان ده‌ده‌ن بێ ئه‌وه‌ی بۆ ساتێکیش دوودڵی لێ بکه‌ن‌و سۆزو به‌زه‌یی بیان گرێ، که ئێمه‌ش له حاڵه‌تی کاردانه‌وه‌دا بێ ئاراسته، بێ تێفکرین، بێ لێکۆڵینه‌وه، به نائومێدی ده‌جولێین، شه‌ڕ ده‌که‌ین، گێنگل ده‌ده‌ین، توره ده‌بین‌و چاومان سوور ده‌بێ، تا که‌نه‌فتو حۆل‌و بێ حاڵ‌و ماندوو ده‌بین، تا هه‌ناسه‌مان ده‌وه‌ستێت‌و شل‌و کوت ده‌بین، کاردانه‌وه‌ی بێ ئاراسته‌و بێ ئاکام به ڕێوه ده‌به‌ین. تا له ناکاو وزه‌مان ده‌بڕێ‌و ده‌وه‌ستین، له پانتاییێکی پڕ له حه‌په‌ساندا سه‌رسام ده‌بین‌و نازانین چی بکه‌ین، له ناچاری بێ ده‌سه‌لاتی داوای برایه‌تی‌و ئاشتی ده‌که‌ین، له‌گه‌ڵ ئه‌و هه‌موو له‌ده‌ست دانی وزه‌و توانایانه‌ش‌دا له ته‌نگاوییێکی ئاوادا چاوه‌ڕێی سۆزو مه‌رحه‌مه‌تی تاوانکار ده‌که‌ین، به‌ڵکو عه‌فومان بکات، نه‌ک هه‌ر هێندێکمان بگرێته‌وه به‌ڵکو سه‌رتاسه‌ری بێت‌وله لوتکه‌و سه‌رکه‌ڵه‌کانا تا خواره‌وه‌و بنکه‌ڵه‌کان بگرێته‌وه. له بیرمان ده‌چێ که ئێمه پێوستمان به عه‌فو نیه. ئه‌وان، تاوانکاران پێویستیان به به‌خشینه، ده‌بێ ئه‌وان داوای به‌خشین له هه‌موو ئه‌و بێ باوک‌و دایکانه بکه‌ن که تا ئه‌و ساته‌ش له دۆزه‌خی نائومێدی‌و ژێر ده‌ستی‌و نه‌هامه‌تی‌و نامۆیی کولتوری‌و ژیاری‌دا ده‌ژین. له ڕزانه‌ویی بێ هه‌ویه‌یی‌دا ژیان به‌سه‌ر ده‌به‌ن.

تا ده‌چینه‌وه خاڵی سفرو تا زه‌مه‌نێکی ترو تێهه‌ڵچوونه‌وه‌یه‌کی تر.

به‌ڵام ئه‌وه‌ی ڕاستی‌یه‌و نابێ نکولی لێبکه‌ین، ئه‌وه‌یه ته‌نها ئه‌وان نین تاوانبار، ئێمه‌ش گوناهبارین، ئه‌وان تاوانبارن به‌رامبه‌ر ئێمه به‌ڵام ئێمه گوناهبارین به‌رامبه‌ر خودی خۆمان، به‌رامبه‌ر ئه‌وه‌ی که به‌دوای ده‌رمانی شیرین‌دا ده‌گه‌ڕێین که له‌هیچ کوێ‌یه‌ک بوونی نیه، به‌رامبه‌ر ئه‌وه‌ی که ده‌یانجار به‌سه‌ر چاڵێک داده‌که‌وین‌و بۆ دواجاریش هه‌ر ده‌چینه‌وه سه‌ری، ئێمه تاوانبارین به‌رامبه‌ر ئه‌وه‌ی که ده‌زانین چیمان لێهاتووه، چۆن هه‌پرون به هه‌پرون بووین به‌ڵام هه‌رگیز به‌زه‌ییمان به‌خۆدا نایێته‌وه، له جیاتی ئه‌وه‌ی له‌گه‌ڵ یه‌کتر به سۆز بین‌و ببین به پشتو په‌نای یه‌کتر تا سه‌ر ئێسقان دووڕوویی‌و چه‌مانه‌وه بۆ تاوانکار ده‌که‌ین‌و داوای بوردنی لێ ده‌که‌ین. ئێمه ئه‌و بوونه سه‌رسوڕهێنه‌رو ناهه‌شه‌ین که چێژوله‌زه‌ت له تلانه‌وه‌مان وه‌رده‌گرین‌و له ساده‌بوونه‌وه‌و بێمانابوونه‌وه‌ی خۆ به‌ده‌سته‌وه‌دانی هه‌میشه‌یی هه‌ست به سه‌رکه‌وتن ده‌که‌ین له‌وساتو کاتانه‌ی که له خێراییترین سه‌ره‌وژێربوونه‌وه‌دا سروودی ئه‌ی ره‌قیب ده‌ڵێینه‌وه.

ئێمه له‌به‌ر بێمانای بوونمان ده‌بووردرێین. له‌به‌ر ئه‌وه ده‌بووردرێین که چاومان له بووردنه، هیچ جۆره مه‌ترسییێک پێکناهێنین بۆ ئه‌و دێوانه‌ی له به‌ر بچوکیمان نامانبینن په‌لامارمان بده‌ن، زۆر ئاسایی ده‌توانین له ده‌ڤه‌ری ئه‌وان گوزه‌ربکه‌ین لێ بێ ئه‌وه‌ی نائارامی‌و خه‌وزڕانیان بۆ دروست بکه‌ین. کاتێ له بێمانایی بوون‌دا ده‌ژییێن، له لێبووردنخانه‌دا خۆمان ده‌دۆزینه‌وه، له‌وێ تاوانکاران مانای تازه‌مان بۆ ده‌هۆننه‌وه‌و بۆ چه‌نده‌مین جار له قالبمان ده‌ده‌نه‌وه.

ئه‌وان هێنده تاوانکار نین به‌قه‌د ئه‌وه‌ی ئێمه زاڵمین، زوڵمی ئێمه له خۆمان ئێمه‌ی هه‌ڵوه‌شاندۆته‌وه، تا ئه‌و ئاسته‌ی که‌سایه‌تییێکی پڕ له دژیه‌کی‌و نائاسییمان لێ دروست بووه. تاوانی ئه‌وان ده‌رهه‌قی ئێمه، زوڵمی خۆمان ده‌رهه‌قی خۆمان دوو ئاکامی ئاسایی‌و سروشتی شێوان‌و ونبوون‌و نه‌بوونی که‌سایه‌تی مرۆڤی کورده.

سه‌یرتان لێنه‌یێ که به‌خشین ئاماده‌بوونێکه بۆ به‌ره‌و پیر چوونی هه‌موو کۆشش‌و تواناکانمان. به‌خشین بۆ دواجار له قیمه‌دانی وزه‌و وره‌به‌رزیمانه. کۆتایی پێهێنانی ئه‌و کاروانه‌یه که دوێنی گیراوه‌ته به‌رو ئه‌مرۆش به مه‌نزڵی نائومێدی ده‌گات، سه‌ری ده‌بڕدرێت‌و کۆتایی به به‌رایی‌و گاوانیشی ده‌هێنرێ.

پێوستە چیرۆکی لێبووردن لە زاکیرەماندا ببێ بە چیرۆکی ئیهانە، ئەوەی بمان بووڕێ ئیهانەمان دەکات. پێویستە تێبگەن ئەوان پێویستیان بە لێبووردنە نەک ئێمە. ئێمەش کاتێک دەیانبوورین کە بە ئاشتی دەگەڕێنەوە دەڤەرو کاولە ماڵی خۆیان.

کاتێکیش ئەوە تێدەگەین کە فێردەبین ئێمە ئەوان نین، مێژوویان مێژوومان نیە، زمانیان زمانی ئێمە نیە، لەیەکتر حاڵی بوونی ئێمە بەزمانی ئەوان شورەییە بۆ هەموومان، هەر لەبەر ئەوەشە پێویستمان بە لێبووردن هەیە، چونکە ئەوان بە خۆیانمان دەزانن، ئەوەنیە ئاخافتنمان، جلو بەرگمان، ڕەنگوڕوومان، هەر لەوان دەچێ. ئەوەنیە بەرپرسو گەورەکانمان ملیۆنێک بەڵگەیان هەیە کە ئێمە ئەوانینو برای بە وەفای یەکترین، بەڵام ڕژێمەکان وایان کردووە لەیەکتر جیاواز بین. کە داوای دیموکراسیمان نەک هەر بۆخۆمان بۆ ئەوانیش کرد ئەوا هەمومان لەسایەی برایەتیێکی ئەبەدیدا دەحەسێینەوە. ئەوەش خەونێکی گەورەیە.

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت www.kurdistannet.org